# منالْ (ئادوپتێر) (Adoption) ە کردن لە سوید زۆربووە

ئامادەکردنی لە سویدیەوە
شـــێرزاد هەیـــنی
heinisherzad@hotmail.com

لە ولاتی سوید ئیمسالْ، منالْ ئادوپتێرەکردن ( هەلْگرتنەوە، بەخۆکردن بە رەسمی، بە هۆی رێکخراوی تایبەت و ئاینی) زۆر بووە. . بەهاری سالْی رابردوو ژمارەی منالْی ولاتانی بێگانە ئادوپتێرەکردن زۆرتربووە، بەپێی ئەو ستاتیکەی ( ئامار) لە سەنتەری ستاتیکی ناوەندی سوید دەرچووە و لە رۆژنامەی ( داگیس نیوهێتر) رۆژانەی سویدی ئاماژەی پێداوە، منالْ وەرگرتن و هەلْگرتنەوەیان لە ولاتانی دەرەوە زۆربووە، بە تایبەتی منالاْنی ولاتی ( چین) ، لەوانیش کیژ زۆرتر لە کوران ئادوپتێرە دەکرێت.

ئەگەرچی ئادوپتێرەکردنی منالاْن لە سوید مەسرەف و پارەی زۆریشی دەوێت، بەلاْم ژمارەکەی بەرەو هەورازە. لە سالْی ٢٠٠٢ دا ژمارەی ئەو منالاْنەی گەیشتونەتە سوید گەیشتوتە ( ١٠٠٨) منالْ، ئەوەش بە هۆی ئەو شەش رێکخراوە سویدیانەی تایبەت بە ئادوپتێرەکردنی منالاْنەوە بووە. ئەو ژمارەیەش لەچاو سالْی پاردا ١٠٪ زۆرتربووە، ئەوە پازدە سالێشە نەگەیشتۆتە ئەو ژمارەیە. ئەو ژمارەیەش پەیوەندی بە کەمبوون و رێژەی منالْبوون لەناو سویدا هەیە، ئەو کەمبوونەش بەندە بەوەی سویدیەکان منالْ ئادوپتێرەکردنیان لە زان و دەرمانسازی و هۆیەکانی زان و بوارەکانی ئاسانکردنی منالْبوون و هۆرمۆن زۆرترکردن و چارەسەریان لا باشترو ئاسانترە.

ئەوەش وەنەبێ خێزانی وا نەبێ حەز بە منالْ چێکردن نەکەن و ئەو پەیوەندیان لا تەندروستی نەبێ، ئەوەش هەر ماوەو خێزانی تازەش زۆرن ئادوپتێرەکردنیان لا باشترە.

ژمارەی ئادوپتێرەکردنی منالاْنی ولاتانی دەرەوە کێرڤەکەی نەدیارو گۆراوە، لە سالاْنی هەفتاکان و هەشتاکانا لە نێوان ١٢٠٠ تا ١٨٠٠ منالْ ئادوپتێرەکراوە، لە نێوان سالاْنی ١٩٨٧وە تا ٢٠٠١ ئەم رێژەیە کەمی کردۆتەوە بووە بە ( ٧٠٠) تا ( ٨٠٠) منالْ.

دیارە وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئادوپتێرەکردنی منالاْن ژمارەو رێژەی زۆری لە ولاتی چینەوەیە، لە بەهاری سالْی پارەوە ژمارەکە گەیشتە ( ٣٢٥) منالْ، لەوانیش سێ بەشی کچن. . !

لە وەلاْمی پرسیاری ئەوەی بۆچی ئەم ژمارەیەی ولاتی چین زۆرترە، بەرپرسانی رێکخراوەکان وای بۆ دەچن، مامەلە و رۆتینیەکان ئەوان کەمترە، ئەوان لە بەخشینی منالاْن، یاساکەیان ( سەخی ترن) ، ئەوان وەك ولاتانی تر زۆر لە تەمەنی دایك و باوکەکە، لە رادەو پلەی خوێندەواری و تەندروستی و لەشساغیان ناپێچنەوە.

هاوکات ئادوپتێرەکردنی منالاْنی لە ولاتانی تر کەمتربووە، بۆ نموونە لە هەشتاکانا ژمارەی زۆری منالاْن لە ولاتی هیندەوە بۆ سوید ئادوپتێرەدەکران، سالانە لە نێوان ( ٢٥٠) تا ( ٣٥٠) منالْ بۆ سوید ئادوپتێرەدەکران، کەمبونەوەکەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، ئەوە لە لایەن مالْباتە هیندیەکان خۆیانەوە دەکرێت.

ئەوەی شایانی باسە ئیمرۆ پارەو مەسروفاتی ئادوپتێرەکردنی منالاْن لە دەرەوە زۆربووە، چوونی ژن و پیاوەکەو مەسرەفی رێگایان زۆرە بۆ نموونە چوون بۆ ولاتی چین لە سالْی ١٩٩٩دا ٩٩ هەزار کرۆنی سویدی بوو، بەلاْم ئیمۆر سەفەر بۆ ولاتی چین بۆ ئەم مەبەستە دەگاتە ١٣١ هەزار کرۆن. هەروەها ئاگادارانی ئەم بوارە بەرزبوونی نرخی دۆلار بەرامبەر پارەی سویدیش لەم چەند سالْەی دواییدا، وا دەبینن دەوری زۆرە بۆ زۆربوونی مەسروفاتی ئادوپتێرەکردنی منالاْن لە دەرەوە.

یەکێك لەو کێشانەی ئەو خێزانەی دەچن منالْ ئادوپتێرەدەکەن دووچاری دەبن، بیروکراتی دەزگاکانی ئەو ولاتانەیە، پسولەو رەسمیات و کارو سۆراخی زۆری دەوێت، دەبێ سەردانی زۆر دائیرەی رەسمی بکەن و کارو سەرئێشەی زۆرە.

ئەوەی شایانی باسە ناکرێ ئەوانە دلْیان بەو پارەیە خۆش بێ کەوا حکومەت وەك پارەو یارمەتی دەداتە ئەو خێزانەی منالْ لە دەرەوە ئادوپتێرە دەکەن، چونکە لە سالْەکانی هەشتاکان تا سالْی ٢٠٠١ هەر خێزانێك تەنیا ٢٤ هەزار کرۆنی وەردەگرت، ئەوەش زیادکرا بۆ ٤٠ هەزار کرۆن، دیارە ئەو پارەیەش لەچاو مەسرەفەکە کەمە.

ئەوەی ماوە ئاماژەی پێ بدەین بەپێ ئەو ژمارانەی لە ستاتیکەکە هاتووە هەر لە ساڵی ١٩٦٩ ەوە نزیکەی ٤٣ هەزار منداڵ بۆ سوید ئادوپتێرەکراوە، ئەو ژمارەیەش زۆری لە ولاتانی ئاسیاوەیە، لە کۆریای باشوورەوە ٧٩٠٠ منداڵ بووە، لە ولاتی هیندەوە ٦٠٠٠ منداڵ بووە، لە ولاتی کۆلۆمبیاش ٤٨٠٠ منداڵبووە، لە ولاتی سیریلانکاش ٣٤٠٠ منداڵ بووە، لە ولاتی شیلی ٢٢٠٠ منداڵ هاتوتە ناو سویدو لە تایلاندیش ١٧٠٠ منداڵ و لە ولاتی ڤیتنامیش نزیکەی ١٥٠٠ منداڵ بووە، هەر لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە ١٣٠٠ تەنیا لە ولاتی چینەوەبووە.

لە ساڵی ٢٠٠٢ وەك لە ئامارەکەدا هاتووە ٣٢٥ منداڵ لە چین و ١٢١ لە کۆلۆمبیاو ١٠٦ لە کۆریای باشوورو ٨٠ لە ڤیتنامەوە هاتوون.

---

ی رۆژانەی سویدی رۆژی ٣ / ٢/ ٢٠٠٣ ئامادەکراوە. D. N.لە رۆژنامەی

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت